# لەیادی یەکی ئایاردا

# تەنها ***عەدالەتی کۆمەلایەتی*** وەلام دەرەوەی نەهامەتیەکانی مرۆڤایەتی یە

# ریگایەکی تر نی یە

**هەموو سالیك لە رۆژی 1 ی ئایاردا بزووتنەوەی ئازادی و یەکسانی خوازی و لەسەرتاسەری دنیا بە یادکردنەوەی ئایار ، لەگەل گیرانی مەراسیم و رییپیوانی جەماوەری ملیۆنی دا ، پەیامیك بە گویَ ی دانیشتوانی گۆی زەوی دا دەدەن کە ئەم دنیایە بیَچەوانەیە و پیَویستی بەگۆرانە، ژیان لە دنیای زالمانەو چینایەتی دا مانای ئینسانی لەدەست داوە و پیویستی بە وەلامیکە کە ئازادی و یەکسانی بۆ هەموان بگیریَتەوە.**

***عەدالەتی کۆمەلایەتی*** **ئەلتەرناتیفی چینی کریکارە لەبەرامبەر دنیای ئەمرۆدا، سەرەرای ئەوەی سەدەو نیویَك زیاترە ئەم ئەلتەرناتیفە بە گویَ ی دانیشتوانی گۆی زەوی دا دراوە ، سەرەرای خەبات و قوربانی دانی زۆر لەم پیناوەدا ، سەرەرای چەندین شکست و پاشەکشە لە راستای خەبات بۆ ئەم ئامانجە .بەلام رۆژ دوای رۆژ ژیان کردن لەم دنیا چینایەتی یەدا واقعی بوونی ئەم ئەلتەرناتیفە چەند بارە دەکاتەوە و ئەم پەیامە پر بەها ئینسانی یەی چینی کریکار بەرز دەنرخیَنیت .1ی ئایار ئەو رۆژەیە کە ئەم پەیام و ئەلتەرناتیفە جاریکی تر بە هیزیکی زیاترەوە بە گویَ ی دانیشتوانی گۆی زەوی دا دەدات و بانگەوازیان دەکات بۆ خەباتکردن لەراستای بەدیهینانی ئەم ئامانجە هاوبەشەدا.**

***عەدالەتی کۆمەلایەتی*** **ئەگەرچی بەدیلی کریکارە بۆ ئالوگۆری ریشەیی لەکۆمەلگا بە قازانجی گەرانەوەی بەهای شایستە بە مرۆڤ ، بەلام ئەلتەناتیفیکی گشتگیرو هاوبەشی هەموو ئینسانیکە کە دنیا بە پیچەوانە دەبینیت و خوازیاری ئالۆگۆرە ، هەر بۆیە بە دریژایی تەمەنی ئەم بەدیل و بانگەوازە بەجیا لە کریکاران، مەحرومانی کۆمەلگاش بە ئامانجی خۆیان داناوە و لەم راستایەدا لەشکری خەباتکارانی بەدیهینانی ئەم ئامانجەیان گەورەتر کردووە.**

**بەداخەوە سەرەرای خەباتیکی نەپساوە و بەردەوام بۆ بەدیهینانی** ***عەدالەتی کۆمەلایەتی*****، هیشتا بەرەی پاریَزەری دنیای نایەکسان و سەرکوت ، بەرەی بیَحورمەتی کردن و بیَ نرخ کردنی مرۆڤ (چینی سەرمایەدار) لەو پەری توانای خۆیدایە و ، تواناکانی بۆ کونترۆل کردنی ژیانی مرۆڤایەتی ئەمرۆ سەدان وبگرە هەزاران جار زیاترە لە کاتی بلاوکردنەوەی پەیامی چینی کریکار بۆ گورینی دنیا و خودی چینی کریکارو بەرەی ئینسانیش لەدوای چەندین هەستان و شورش ،**

**ئەمرۆ لەژیر باری قورسی پاشەکشەی شکستەکانی دایە ، بەلام بە سەرنج دانیَکی هیجگار کورتیش لە هەوالی ئاژانس و میدیاکان ، ئەو هەوالە جەرگ برانەی کە ئینسانیەت بەدەست چاوچنۆکی و تەماعکاری سەرمایەداری یەوە لە لیواری چ مەترسی یەکی لەناوچووندا یە، نەك بەتەنها مرۆڤایەتی بەلکو زەوی بە هەموو پیکهاتەکانی یەوە لە ژیر ئەم هەرەشە و مەترس یەدایە.لە رۆژهەلات بۆ رۆژئاوا ، لە باکور بۆ باشوری زەوی هەموو رۆژیك ئەم هەوالانە دەبینی ، دەبیستی و دە خویَنیتەوە، و هەولی زۆریش دراوە و دەدریت بۆ ریفۆرم و چاکسازی سەرمایەداری و ئەنجامیکیان نەبوو و لەکۆتایدا بەقازانجی خۆسەپاندن و تەمەنی زۆرتری سەرمایەداری و مەحرومیەتی زیاتری ئینسانیەت تەواو بوون ، یان ئالۆگۆریکی روکەشی بوون و زوو روی درندەیی سەرمایەداری لە ژیر مکیاجی فریوکارانەدا خستۆتەروو. هەربۆیە ئینسانیەت ریگایەکی تری نی یە بیگریتە بەر جگە لەخەبات بۆ کۆتایهینان بە تەمەنی سەرمایەداری و دامەزراندنی عەدالەتی کۆمەلایەتی.**

**یەکی ئایار رۆژی دووبارەکردنەوەی ئەم پەیامەیە و ئەمرۆ زیاتر لە هەرکات بانگەوازی کریکاران و بەرەی ئینسانی دەکات بۆ توندوتول کردنەوەی ریزی خەباتکارانەیان لە پیناو ئەم ئامانجە هاوبەشە ئینسانی یەدا.**

**سامان سعید**

1ی ئایاری2006